زانکۆی سەڵاحەددین
کۆلیژی زمان
بەشی کوردی
قۆناغی چوارەم

# فەرهەنگ و زاراوەسازی

م.میدیا مراد
٢٠٢٣_٢٠٢٤

# قۆناغەکانی بەرەو پێشچوونی فەرهەنگ لای کورد

## قۆناغی یەکەم: بەشێوەی شیعر

سەرەتای کاری فەرهەنگنووسی لای کورد بەشێوەی شیعر دەستی پێکردووە. لەڕاستی دا تا ئێستا فەرهەنگەکەی (**نەوبەهار**)ی (**ئەحمەدی خانی**)، کە لەساڵی (1682 ـ1683)، بەشێوەی شیعرە (**عەرەبی: کوردی**) یە، بە یەکەم هەوڵی فەرهەنگنووسی دادەنرێ، لای کورد خۆیەوە، بۆ ئەوسا شتێکی گرنگ بووە، وەک فەرهەنگێک پەنای بۆبراوە. بۆ کاتی ئێستاش بە یەکەمین بیرۆکە، یا بەردی بناغەی فەرهەنگ لای کورد خۆیەوە دادەنرێ. دواى ئەویش فەرهەنگی (**ئەحمەدی** )هی(**شێخ مارفی نودێ**)، کە لەساڵی (1795) دایناوە.

# قۆناغی دووەم: بەشێوەی نامیلکە یا فەرهەنگۆک

کاری فەرهەنگنووسی بە شێوەی پەخشان، سەرەتا لای ڕۆژهەلاتناسان و دواتر لای کورد خۆیەوە دەستی پێکردووە، لەم قۆناغەدا هەوڵدرا، وشە و واتاکەی لە فەرهەنگۆک و نامیلکەکان دا، بەشێوەیەکی سادە ڕیز بکرێ؛ وشە بەرامبەر وشە بێ، بەشێوەی کتێبی قەبارە بچووک، وەک: نامیلکە، یا پاشکۆ لە کۆتایی کتێبەکان دا، بە شێوەی فەرهەنگۆک، کە ئەمانەش زیاتر جووت زمانی بوون، وەک: (ئیتالی : کوردی) ی **قەشە ماورێزۆ گارزۆنی** لەساڵی(1787) کە یەکەم فەرهەنگی کوردییە لەلایەن بیانییەکانەوە نووسرابێ، دوای ئەمەش (کوردی: ڕوسی) ی **پیۆتر لێرخ**، (کوردی: فەرەنسی: ڕوسی) ی **ئا. ژاپا**، (کوردی: ئەڵمانی) ی **ئا.سۆتسین** ، (کوردی: ئینگلیزی) ی **مێجەرسۆن**... هتد.

# قۆناغی سێیەم: بەشێوەی فەرهەنگ و فەرهەنگۆکی هاوواتایی

مەبەستمان لە: بە شێوەی **فەرهەنگ** ئەوەیە، قەبارەی فەرهەنگەکە گەورەیە و زۆربەی وشەکانی زمانی کوردی گرتووەتەخۆ، لەڕوی زانییاریشەوە بەرامبەر بەوشەکان، جگە لە واتا یا هاواتا، جاروبار زانیاری تریش دراوە؛ بەڵام **فەرهەنگۆکی هاوواتایی** واتە لە ڕووی قەبارەوە فەرهەنگەکە بچووک بووە و بەشێک لە وشەکانی زمانی کوردی گرتووەتەخۆ، لە ڕووی زانییاریشەوە بەرامبەر بەوشەکان، تەنیا واتاکەی یا هاواتاکەی هاتووە.

# لە فەرهەنگە زمانییە دیارەکانی ئەم قۆناغە:(قۆناغی سێیەم)

فەرهەنگەکە الهدیه الحمیدیه فی اللغه الکردیه هی یوسف چیاءالدین پاشای خالدی یە، فەرهەنگێکی (کوردی: عەرەبی) یە، کە لە ساڵی( 1892-1893) داینەوە.

فەرهەنگی خاڵ، کە هی شێخ محەمەدی خاڵ ە، فەرهەنگێکی ( کوردی: کوردی) یە، دوو بەرگە، ساڵی (1960، 1964 )دەرچووە. لە ساڵی( 2005) لە چاپ دراوەتەوە. فەرهەنگی خاڵ بە یەکەمین فەرهەنگی (کوردی: کوردی) دادەنرێ.

هەنبانە بۆرینە ی هەژار، (کوردی: کوردی: فارسی) یە، لە ساڵی (1990) چاپ کراوە.

وشەنامەکی ئیتیمۆلۆژیای زمانی کوردی، کە هی جەمال نەبەزە، لە ساڵی (2008) بڵاوبووەتەوە، فەرهەنگێکی ڕیشەناسییە.

فەرهەنگی مامۆستا کە هی شەوکەت مەلا ئیسماعیلە، فەرهەنگێکی (کوردی: ئینگلیزی) یە، لە ساڵی (2009) چاپ کراوە. فەرهەنگێکی هاوواتاییە.

لەگەڵ چەندین فەرهەنگی تر،

# تایبەتمەندی قۆناغی سێیەم

لەم قۆناغەدا زیاتر پابەندی ڕیزبەندی ئەلفوبێیی بوونە. هەروەها هاواتاکانی وشە لە فەرهەنگ دا بەڕێژەیەکی زۆر ڕیزکراون؛ بەڵام زانیاری تر بە ڕێژەیەکی کەم دەربارەی وشەکان دەبینرێ، ئەو زانیاریانەی تریش جاروبارێک بۆ بەشێک لە وشەکان بەرچاودەکەوێ. وەک: (زانیاری وشەسازی، نموونەی بەکارهێنانی وشەکان لەناو ڕستە دا، وشەکە سەر بە چ ناوچەیەکی کوردستانە، ڕەچەڵەکی وشەکە بۆ چ زمانێک دەگەڕێتەوە....) دراون.

لەم قۆناغە دا بووە، کە بێجگە لە فەرهەنگی جووت زمانی فەرهەنگی تاک زمانی دەرکەوتووە؛ لەڕوی قەبارەوە فەرهەنگەکانی ئەو قۆناغە گەورەترن، بە بەراورد بەقۆناغی پێشوو، بۆ ڕوونکردنەوەی واتای وشە وێنەی هاتووەتە ناو فەرهەنگەوە. لەم قۆناغەدا فەرهەنگی تایبەتیش سەریهەڵداوە؛ بەڵام ئەو فەرهەنگانەی زمانی کوردی، کە تایبەتن بە بوارێک، بە تەواوی لەڕووی ناوەڕۆکەوە - وشە و واتاکانەوە - پابەند نەبوونە بە بوارەکانیان.

# قۆناغی چوارەم: بەشێوەی فەرهەنگی سەردەمیانە

فەرهەنگەکەی **قاموسی زبانی کوردی** ی **عەبدورەحمان زەبیحی**، کە لە ساڵی(1988) چاپ کراوە، **هەژار** ی **عەلی نانەوازادە** لە ساڵی(2005)، لەگەڵ **فەرهەنگی میدیا** ی **ئەورەحمانی حاجی مارف** کە لە ساڵی(2011) چاپ کراوە. هەرچەندە ئەم فەرهەنگانە بەنیوەچڵی بەجێماون و هەمــوو پیتەکانیــان لــێ بڵاونەبــووەتەوە؛ بەڵام لەم فەرهەنگــانەدا زانیارییەکــانی، وەک: وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی.... بەتێروتەسەلتر بۆ زۆربەی وشەکان دابین کراوە، زیاتر پابەندی بنەماکانی فەرهەنگنووسی بوونە؛ لەگەڵ ئەوەش دا لە هەندێ لایەن دا کەم و کوڕییان هەیە، لە ڕووی خستنەڕووی زانیارییەکانی فەرهەنگنووسینەوە – فەرهەنگناسی و فەرهەنگسازی -

.